Research Center

# گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا لە عێراق و هەرێمی کوردستان؛ لێکەوتەکانی زیادکردنی بەرهەمهێنانی نەوت، کارەبا، چیمەنتۆ و ئاسن لەسەر ئاو

16-10-2023

**نووسەرەکان**

مەحموود بابان

**کورتە :** ئێستا فراوانبوونی ئەم پیشەسازییانە لە عێراق بەشێوەیەکە کەوا، بەس لە کەرتی نەوت رۆژانە 388 ملیۆن لیتر ئاو بەکاردەهێنرێت، کە هەندێک لە کێڵگەکان ئاوی رووباری فورات بەکاردەهێنن، ئەو بڕەی لە کەرتی چیمەنتۆ بەکاردەهێنرێت کە زۆربەی ئاوی رووبار و بیرەکان ساڵانە دەگاتە 10.2 ملیار لیتر و لەکەرتی کارەبا و بەرهەمهێنانی کارەبا بەهەڵم دەگاتە 114 ملیۆن لیتر و لە پیشەسازی بەرهەمهێنانی شیش دەگاتە 2.8 ملیار لیترا!

## بەرایی

عێراق لەڕیزبەندی ئەو 25 وڵاتە دایە کە بەپێی داتای نوێی ئەتڵەسی مەترسی ئاو WRI ڕووبەڕووی گوشاری زۆری کەمبوونەوەی ئاو دەبێتەوە، کە نزیکەی ڕێژەی سەروو 80%ی سەرچاوەی ئاوی بەردەست بەکاردەهێنێت. بەردەوامیدان بە ژیان لەگەڵ ئەم ئاستەی گوشاری کەمبوونەوەی ئاو، ئەوا ژیانی خەڵک و کار و خۆراک و ئاسایشی وزە دەخاتە مەترسییەوە، کە بەدڵنیاییەوە بەبێ بەڕێوەبردنێکی باشتر بۆ دابینکردن و بەکارهێنانی ئاو، ئەوا بەهۆی گەشەی دانیشتوان، گەشەی ئابووری و گۆڕانی کەشوهەواوە، مەترسییەکانی کەمبوونەوەی ئاو لە عێراق ساڵ بە ساڵ زیاتر دەکات و دەیخاتە بەردەم مەترسییەکی گەورەتری گوشاری کەمبوونەوەی ئاو کە لە داهاتوودا ناتوانرێت دابینبکرێت.

هەروەها، ئەو وڵاتەی ڕووبەڕووی گوشاری ئاو[1] دەبێتەوە بەواتای ئەوە دێت کە بەلوعە و بۆرییەکانی ئاو سەرەڕای کردنەوەی قوفڵەکانیان ئاوی تێدا نییە و حکومەتەکان ناچار دەبن قوفڵەکان بگرنەوە، کە ئەم سیناریۆیەش بەمدواییانە لە زۆر شوێن ڕوویداوە وەک ئێران، بەریتانیا، هیندستان و عێراق و هتد.

عێراق بەبێ هەرێمی کوردستان ئێستا 4.520 ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەمدەهێنێت و ڕیزبەندی پێنجەم لە جیهان و دووەمی لەنێو وڵاتانی ئۆپێک وەرگرتووە و ڕێژەی 10%ی لە دابینکردنی نەوتی بۆ جیهان هەیە و ساڵانەش بەڕێژەی 10.2% بەرهەمهێنانی نەوتی لەماوەکانی ڕابردوو زیادکردووە و پلانی بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی بۆ 7 ملیۆن بەرمیل نەوتی ڕۆژانە تاوەکو 2027 هەیە، کە ئەمەش بەدڵنیاییەوە پێویستی بە ئاوە! چونکە کێڵگە نەوتییەکان بۆ پاراستنی باڵانس یاخود زیادکردنی پەستان لە نێو بیرەکاندا بۆ زیادکردنی بەرهەمهێنانی نەوت، ئەوا دەبێت بە ئاو یاخود گاز بەکار بهێنن بۆ پڕکردنەوەی بیرەکان. لە عێراق تاوەکو ئەم ساتەش زیاتر ئاو بەکاردەهێنرێت، کە بە گوتەی بەڕێوەبەری گشتی ئاوی بەسرە لە هەر چرکەیەدا 4500 بۆ 5000 لیتر ئاو بۆ کێڵگەکان دابیندەکرێت Reinjection دەکرێتەوە، کە هەندێکیان ئاوی ڕووبارەکان بەکاردەهێنن.

لەڕووی بەرهەمهێنانی شیش و کارگەکانی ئاسنەوە لە عێراق و هەرێمی کوردستان 15 کارگە هەیە، کە توانای بەرهەمهێنانیان ساڵانەیان 4.7 ملیۆن تۆنە ، کە پێویستی بە 2.8 ملیار لیتر ئاو هەیە. ئێستا 10 کارگەی دیکەی بەرهەمهێنانی ئاسن لە تەواوی عێراق و هەرێمی کوردستان لەقۆناغی جێبەجێکردن دان، کە ئاستی بەرهەمهێنانی ساڵانەیان دەگاتە 3.18 ملیۆن تۆن ئاسن، کە ئەمەش پێویستی بە 2.8 ملیار لیتر ئاوی دیکەیە.

لە عێراق و هەرێمی کوردستان 31 کۆمپانیای حکومی و تایبەت بە بەرهەمهێنانی چیمەنتۆ هەن، کە ئەگەر ساڵانە بەنیوەی توانای خۆیان کار بکەن ئەوا پێویستیان بە 50 ملیۆن مەتر سێجا یاخود 5.13 ملیار لیتر ئاو هەیە!

بەمداییەش بەهۆی پێشکەوتنەکانی بەرهەمهێنانی کارەباوە، ئێستا لە هەولێر وێستگەیەکی 300 مێگاواتی بەرهەمهێنانی کارەبا بە هەڵم کار دەکات، کە ڕۆژانە 28.15 ملیۆن لیتر ئاوی پێویستە، کە سەرچاوەی ئەم ئاوە زێی گەورەیە!

لێرەدا، هەڵوەستەیەک لەسەر فراوانبوونی ئەم چوار کەرتە لە عێراق و لێکەوتەکانی بەکارهێنانی ئاو بۆ بەرهەمهێنانی هەر بەرمیلێک نەوت، یەک تۆن چیمەنتۆ، یەک تۆن شیش و یەک مێگاوات کارەبا دەکەین. لە دۆخی لەمشێوەیەی عێراق کە ڕووبەڕووی وشکەساڵی، بە بیابانبوون، کەمبوونەوەی ئاو بووەتەوە، زیادکردنی ئەمانە بەیەکەوە کە زۆربەی ئاوی سەر زەوی و ژێر زەوی بەکاردەهێنێت، چ کاریگەرییەکی هەیە؟

## بەرهەمهێنانی یەک بەرمیل نەوت چەند بەرمیل ئاوی پێویستە ؟

نەوت ڕێژەی 92% کۆی بەهای کاڵای هەناردەکراوی عێراق پێکدەهێنێت، بەپێی داتاکانی ئۆپێک کۆی بەهای هەناردەکراوی عێراق (2021) 86.298 ملیار دۆلار بووە و، نەوت بەتەنیا 79.788 ملیار دۆلاری پێکهێناوە! ئەم پشت بەستنە بە نەوت بۆ دابینکردنی دارایی وڵات و ئەو پلانەی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت دانراوە تاوەکو 2027 بەدڵنیاییەوە دەبێتەهۆی زیادکردنی مەترسی و گوشاری کەمبوونەوەی ئاو لە عێراق، چونکە کێڵگە نەوتییەکان بۆ ماوەی ئاستی بەرهەمهێنان و زیادکردنی برەکەی، پێویستیان بە ڕاگرتنی باڵانسی پەستانی نیو بیرەکە هەیە، چەند نەوت دەردەهێنرێت ئەوەندە ئاو یان گاز پێویستە دووبارە بکرێتەوە شوێنی نەوتەکە، کە ئەم شێوازەش لە عێراق جیاوازە و لە کێڵگەیەکەوە بۆ کێڵگەیەکی دیکە، لەنێوەڕاست و باشووری عێراقیش زیاتر ئاو و لە کێڵگەکانی هەرێمی کوردستانیش زیاتر گاز بۆ ئەم مەبەستە بەکاردەهێنرێت.

بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی [قەمەر ئینرجی](2018)، عێراق مێژوویەکی دووردرێژی لە بەکارهێنانی ئاو بۆ بەرهەمهێنانی نەوت هەیە، کە میکانیزمێکی گونجاوە بۆ راگرتنی باڵانسی بیرەکان ئەویش بەهۆی پێکهاتەی جیولۆجی کێڵگە و بیرە نەوتەکانەوە. بەگشتی و بەتێکڕا 1.3 ـ 1.5 بەرمیل ئاو بۆ بەرهەمهێنانی هەر بەرمیلێک نەوت پێویستە، کە ئەم بڕەش تەنیا بۆ پاراستنی هاوسەنگی بیرەکەیە، ئەگەر بەئامانجی بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت بێت ئەوا ئەو بڕە زیاتر دەکات.

بە گوتەی [بەڕێوەبەری گشتی ئاوی بەسرە]، وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاوی عێراق لە هەر چرکەیەکدا 7000 لیتر ئاوی شەتولعەرەب بۆ کۆمپانیا نەوتییەکان تەرخانکردووە، بەڵام هەمووی بەکارناهێندرێت لەلایەن کۆمپانیا نەوتییەکانەوە کە کێڵگە گەورەکانی نەوت لە باشووری عێراق بەڕێوەدەبەن، بەڵکوو لەنێوان 4500 بۆ 500 لیتر لە هەر چرکەیەک دا بەکاردەهێنرێت.

بۆ نموونە، لەسەر ئاستی کێڵگە نەوتییەکان لە باشووری عێراق، کێڵگەی نەوتی مەجنوون 160 لیتر/چرکەیەک، نەهر بن عمر 160 لیتر/چرکەیەک، ویست قوڕنە-1 نزیکەی 250 لیتر/چرکەیەک، ویست قوڕنە-2 نزیکەی 200 لیتر کە لە رووباری فوراتەوە وەردەگرێت، فەیحا 122 لیتر/چرکەیەک، سیبا 100 لیتر/چرکەیەک کە ئەم دوانەش لە شەتولعەرەوە، هەروەها ویستگەی سووتانی گازی شەتولعەرەب 1000 لیتر لە چرکەیەک بۆ ساردکردنەوە بەکاردەهێنێت.

ئێستا، پلانی فراوامکردنی بەرهەمهێنان تەنیا پەیوەست نییە بە هاتنی کۆمپانیاکان و وەبەرهێنانی دەرەکی و تەنانەت کۆتای ئۆپێک و ئۆپێک پڵەس بۆ هەناردەکردنی نەوت بەنیسبەت عێراقەوە، [بەڵکوو ئاڵنگاری گەورە دابینکردنی ئاوە بۆ خستنەجێی] ئەو نەوتەی بەرهەمدەهێنرێت یاخود زیادکردنی پەستانی کێڵگە و بیرەکەیە بۆ زیادکردنی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت.

خاڵێکی گرنگی دیکەی ئەم پرۆسەیە پەیوەستە بە تەمەنی کێڵگە و بیرە نەوتەکانەوە لە عێراق، کە ئێستا پێویستی بە زیادکردنی پەستان و راگرتنی باڵانسی پەستانی نیو بیر و کێڵگەکان هەیە، چونکە کێڵگە و بیرە نەوتییەکان تەمەنێکی زۆریان بە ئاستی سرووشتی پەستانی نێوخۆی بیرەکان بۆ بەرهەمهێنانی نەوت کارکردووە، بۆ نموونەش دوای 60 ساڵ لە بەرهەمهێنانی نەوت لە کێڵگەی [نەوتی رومیلە] بەتایبەتیش لە بەشی باکووری کێڵگەکە پەستانی نێوخۆیی بیرەکە دابەزیوە و پێویستی بە دابینکردنی ئاو بۆ بەرزکردنەوەی پەستانی نیو بیرەکە هەیە لەکاتی بەرهەمهێنانی نەوت، بۆ نموونە لەم کێڵگەیە لە 2013دا خوار 200 هەزار بەرمیل ئاوی رۆژانە پێویست بووە، بەڵام لە 2019دا گەیشتووەتە 1.2 ملیۆن بەرمیل ئاو لە رۆژێکدا و لە 2021دا گەیشتووەتە 1.4 ملیۆن بەرمیل ئاوی رۆژانە.

## یەک تۆن شیش و چیمەنتۆ چەند ئاوی پێویستە؟

ئیستا لە عێراق و هەرێمی کوردستان 15 کارگەی ئاسن و بەرهەمهێنانی شیش هەیە، کە 12یان دەکەونە سنووری هەرێمی کوردستان. ئەم کارگانە ساڵانە توانای بەرهەمهێنانی 4.6 ملیۆن تۆن شیشیان هەیە، بەگوێرەی پارێزگاکانیش هەولێر 2.06 ملیۆن تۆن، سلێمانی 1.88 ملیۆن تۆن، بەسرە 350 هەزار تۆن، کەربەلا 200 هەزار تۆن، موسڵ 50 هەزار تۆن و دهۆک 50 هەزار تۆن.

هەروەها، ئێستا لە عێراق پلانی زیادکردنی بەرهەمهێنانی شیش وەک نەوت لە ئارادایە، بەشێوەیەک چاوەڕواندەکرێت ساڵانە تاوەکو کۆتایی 2024 نزیکەی 3.18 ملیۆن تۆن دیکە بۆ کۆی بەرهەمهێنانی ئێستا زیادبکرێت و بەشێوەیەک کە کۆی بەرهەمهێنانی شیش و ئاسن بگاتە سەروو 7.78 ملیۆن تۆن لە ساڵێکدا، وەکو لە خشتەی 1 و 2 دا هاتووە.

بەگوتەی یەکێک لە خاوەن کارگەکانی شیش لە هەرێمی کوردستان جیاوازی لە بەکارهێنانی ئاو بۆ بەرهەمهێنانی شیش لە هەرێمی کوردستان و عێراق هەیە، ئەویش بەهۆی جۆری بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێیەوە لە کارگەکان دا، بەڵام بەگشتی بۆ هەر تۆن شیش 600 لیتر ئاو بەکاردەهێنرێت. لەکاتێکدا بەپێی [ئاژانسی پاراستنی ژینگەی ویلایەتە یەکگرتووەکان] ئەمریکا بەلایەنی کەمەوە بۆ هەر تۆن 2000 لیتر ئاو پێویستە بۆ بەرهەمهێنانی یەک تۆن.

ئەگەر بەتێکڕا و بەگشتی بۆ هەر تۆن شیش 600 لیتر ئاو بەکاربهێنرێت، ئەوا ئێستا ساڵانە لە عێراق و هەرێمی کوردستان 2.8 ملیار لیتر ئاو بۆ بەرهەمهێنانی ئەو 4.7 ملیۆن تۆن شیش بەکاردەهێنرێت کە لەنێوخۆ بەرهەمدەهێنرێت، خاڵێکی دیکەی گرنگ خێرا پەرەسەندنی ئەم کەرتەیە کە تاوەکو 2024 ژمارەی کارگەکان دەگاتە 25 کارگە کە زۆربەی لەنێوەڕاست و باشووری عێراقە، ئەو 10 کارگە نوێیە ساڵانە بۆ بەرهەمهێنانی 3.18 ملیۆن تۆن شیش پێویستیان بە 1.9 ملیار لیتر ئاو هەیە.

خشتەی 1: ئاستی بەرهەمهێنان شیش بەپێی پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستان و عێراق

کارگەکانی بەرهەمهێنانی ئاسن و شیش لە عێراق و هەرێمی کوردستان

| ژ | ناوی کۆمپانیا/کارگە | پارێزگا | بەرهەمی ساڵانە /تۆن | بۆ هەر تۆن /600 لیتر |
|---|---|---|---|---|
| 1 | کارگەی ئاسنی ماس | سلێمانی | 1,200,000 | 720,000,000 |
| 2 | کارگەی ئاسنی ڤان | هەولێر | 700,000 | 420,000,000 |
| 3 | کارگەی ئاسنی هیند | هەولێر | 585,000 | 351,000,000 |
| 4 | کارگەی ئاسنی مید | هەولێر | 360,000 | 216,000,000 |
| 5 | کارگەی ئاسنی ئەلتما | بەسرە | 350,000 | 210,000,000 |
| 6 | کارگەی ئاسنی سلێمانی | سلێمانی | 335,000 | 201,000,000 |
| 7 | کارگەی ئاسنی هەولێر | هەولێر | 220,000 | 132,000,000 |
| 8 | کارگەی ئاسنی دارین | هەولێر | 204,000 | 122,400,000 |
| 9 | کارگەی ئاسنی کەربەلا | کەربەلا | 200,000 | 120,000,000 |
| 10 | کارگەی ئاسنی ئەلفا | سلێمانی | 180,000 | 108,000,000 |
| 11 | کارگەی ئاسنی سوپر | سلێمانی | 150,000 | 90,000,000 |
| 12 | کارگەی ئاسنی ماستەر | سلێمانی | 72,000 | 43,200,000 |
| 13 | کارگەی موسڵ بۆ ئاسن و پۆڵا | موسڵ | 50,000 | 30,000,000 |
| 14 | کارگەی ئاسنی دهۆک | دهۆک | 50,000 | 30,000,000 |
| 15 | کارگەی ئاسنی توانا | سلێمانی | 50,000 | 30,000,000 |
| | کۆی گشتی | | 4,706,000 | 2,823,600,000 |

سەرچاوە: کۆمپانیای ستیل، 10-09-2023، عەلی ئیبراهیم/ لە 12-10-2023 راپۆرتەکە وەرگیراوە

سەرچاوە: کۆمپانیای ستیل، 10-09-2023، عەلی ئیبراهیم/ لە 12-10-2023 راپۆرتەکە وەرگیراوە

خشتەی 2: ژمارەی ئەو کۆمپانیایانەی کە ئێستا لە قۆناخی جێبەجێکردن بۆ بەرهەمهێنانی ئاسن و شیش بەپێی پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستان و عێراق

کارگەی بەرهەمهێنانی ئاسن ئێستا لە قۆناخی جێبەجێکردن

| ژ | ناوی کۆمپانیا/کارگە | پارێزگا | بەرهەمی ساڵانە /تۆن | بۆ هەر تۆن /600 لیتر |
|---|---|---|---|---|
| 1 | کارگەی ئاسنی بارز | هەولێر | 650,000 | 390,000,000 |
| 2 | کارگەی ئاسنی حکومی بەسرە | بەسرە | 600,000 | 360,000,000 |
| 3 | کارگەی ئاسنی قەیوان | دیالە | 500,000 | 300,000,000 |
| 4 | کارگەی هیلال بابل | بابل/حلە | 325,000 | 195,000,000 |
| 5 | کارگەی مشرووق بابل | بابل/حلە | 300,000 | 180,000,000 |
| 6 | کارگەی ئەلحکم | بەسرە | 200,000 | 120,000,000 |
| 7 | کارگەی ئاسنی فاکتۆری | نەجەف | 200,000 | 120,000,000 |
| 8 | کارگەی ئاسنی ناسریە | ناسریە | 180,000 | 108,000,000 |
| 9 | کارگەی ئاسنی بی سی | کەرکوک | 175,000 | 105,000,000 |
| 10 | کارگەی حاجی کازم | بابل/حلە | 50,000 | 30,000,000 |
| | کۆی گشتی | | 3,180,000 | 1,908,000,000 |

سەرچاوە: کۆمپانیای ستیل، 10-09-2023، عەلی ئیبراهیم/ لە 12-10-2023 راپۆرتەکە وەرگیراوە

سەرچاوە: کۆمپانیای ستیل، 10-09-2023، عەلی ئیبراهیم/ لە 12-10-2023 راپۆرتەکە وەرگیراوە

ساڵانە 4 ملیار تۆن جێمەنتۆ لە جیهاندا بەکاردەهێنرێت کە نزیکەی 3 ملیار تۆن دووانەئۆکسیدی لە بەرهەمهێنانییەوە دەردەدرێتە نیو هەوا، کە بەرپرسیارە لە رێژەی 8% دەردانی دووانەئۆکسیدی کاربۆن لە جیهان و لەدوای نەوتەوە بەدووەم گەورەترین بەشداریکاری گەرمبوونی جیهان دادنرێت، کە ساڵ بە ساڵ خواستی لەسەر زیاد بووە.

ئێستا عێراق 18 کۆمپانیای چیمەنتۆی حکومی و 13 کۆمپانیای چیمەنتۆی کەرتی تایبەتی تێدایە، کە توانای بەرهەمهێنانی ساڵانەیان 47 ملیۆن تۆن چیمەنتۆیە. کۆمپانیا حکومییەکان توانای 18 ملیۆن تۆن و کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت توانای 29 ملیۆن تۆن چیمەنتۆیان هەیە.

ئەگەر ئەم کۆمپانیایانە بەتوانای تەواوەتی خۆیانەوە کار بکەن ئەوا ساڵانە 101 ملیۆن مەتر سێجا یان 101.26 ملیار لیتر ئاویان بۆ بەرهەمهێنانی ئەو برە پێویستە کە ساڵانە بەرهەمهی دەهێنن. بەڕوویەکی دیکەدا ئەگەر بەتەنیا ئەو برەی کۆمپانیا تایبەتەکان ساڵانە بەرهەمی دەهێنن لێکبدەینەوە ئەوا بۆ هەر تۆن چیمەنتۆ 2.126 مەتر سێجا یاخود 2126 لیتر ئاوی پێویستە، واتە 61 ملیۆن مەتر سێجا یان 61 ملیار لیتر ئاو!

ئێستا حەوت کارگەی بەرهەمهێنانی چیمەنتۆ لە هەرێمی کوردستان هەیە، کە شەشیان کار دەکات و یەکێکیان تازە دەستکراوە بەدرووستکردنی کە کارگەی چیمەنتۆی داینەە لە هەولێر. ئەم کارگانە لە توانایاندا هەیە 16 ملیۆن 936 هەزار تۆن چیمەنتۆ بەرهەمبهێنن، بەڵام ئێستا 10 ملیۆن و700 هەزار تۆن بەرهەمدێنن، واتە لەسەدا 64ی ئەوەی لە تونایاندایە بەرهەمیدێنن. ئەمەش ساڵانە پێویستی بە 22 ملیار لیتر ئاو هەیە، کە سەرچاوەی سەرەکی ئاوی رووبار و ژێر زەوییە.

خشتەی 3: دابەشبوونی کۆمپانیاکانی چیمەنتۆی کەرتی حکومی و تایبەت لە عێراق و هەرێمی کوردستان

| ژ | ناوی کۆمپانیا | شوێن | توانای بەرهەمهێنان/ ساڵانە | مەتر سێجا /ساڵانە* | لیتر/ ساڵانە** |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | کۆمپانیای چیمەنتۆ بەسرە | بەسرە | 600,000 | 1,275,600 | 129,600,000 |
| 2 | کۆمپانیای چیمەنتۆ کەربەلا | کەربەلا | 2,000,000 | 4,252,000 | 432,000,000 |
| 3 | کۆمپانیای چیمەنتۆ کوفە | نەجەف | 2,000,000 | 4,252,000 | 432,000,000 |
| 4 | کۆمپانیای چیمەنتۆی بابل | بابل | 200,000 | 425,200 | 43,200,000 |
| 5 | کۆمپانیای چیمەنتۆ قایم | ئەنبار | 1,000,000 | 2,126,000 | 216,000,000 |
| 6 | کۆمپانیای چیمەنتۆی فەلوجە | ئەنبار | 291,000 | 618,666 | 62,856,000 |
| 7 | کۆمپانیای چیمەنتۆ کوبەیسە | ئەنبار | 2,000,000 | 4,252,000 | 432,000,000 |
| 8 | کۆمپانیای چیمەنتۆ کەرکوک | کەرکوک | 2,000,000 | 4,252,000 | 432,000,000 |
| 9 | کۆمپانیای چیمەنتۆ موسەننا | موسەننا | 2,000,000 | 4,252,000 | 432,000,000 |
| 10 | کۆمپانیای چیمەنتۆ نەجەف | نەجەف | 156,000 | 331,656 | 33,696,000 |
| 11 | کۆمپانیای چیمەنتۆ سەماوە | سەماوە | 400,000 | 850,400 | 86,400,000 |
| 12 | کۆمپانیای کەربەلا نۆرا بۆ چیمەنتۆ | کەربەلا | 200,000 | 425,200 | 43,200,000 |
| 13 | کۆمپانیای چیمەنتۆ راقیدەین | نەینەوا | 1,000,000 | 2,126,000 | 216,000,000 |
| 14 | کۆمپانیای چیمەنتۆی بادۆشی نوێ | نەینەوا | 1,000,000 | 2,126,000 | 216,000,000 |
| 15 | کۆمپانیای چیمەنتۆ بادۆش | نەینەوا | 1,000,000 | 2,126,000 | 216,000,000 |
| 16 | کۆمپانیای چیمەنتۆی حەدبا | نەینەوا | 225,000 | 478,350 | 48,600,000 |
| 17 | کۆمپانیای چیمەنتۆی حەمام عەلیل نوێ | نەینەوا | 400,000 | 850,400 | 86,400,000 |
| 18 | کۆمپانیای چیمەنتۆی شەنگال | نەینەوا | 2,000,000 | 4,252,000 | 432,000,000 |
| 1 | کۆمپانیای ئەلدوح عێراقی بۆ پیشەسازی چیمەنتۆ | موسەننا | 1,500,000 | 3,189,000 | 324,000,000 |
| 2 | کۆمپانیای سەقر ئەلکیتان بۆ بەرهەمهێنانی چیمەنتۆ | بەسرە | 1,000,000 | 2,126,000 | 216,000,000 |
| 3 | کۆمپانیای چیمەنتۆی دەلتا | سلێمانی | 2,000,000 | 4,252,000 | 432,000,000 |
| 4 | کۆمپانیای چیمەنتۆ تاسلوجە | سلێمانی | 2,336,000 | 4,966,336 | 504,576,000 |
| 5 | کۆمپانیای چیمەنتۆی گاسن | سلێمانی | 2,150,000 | 4,570,900 | 464,400,000 |
| 6 | کۆمپانیای چیمەنتۆ بازیان | سلێمانی | 2,550,000 | 5,421,300 | 550,800,000 |
| 7 | کۆمپانیای چیمەنتۆی قەرەچوخ - کار گرووپ | هەولێر | 1,900,000 | 4,039,400 | 410,400,000 |
| 8 | کارگەی چیمەنتۆی کار - نەجەف | نەجەف | 2,200,000 | 4,677,200 | 475,200,000 |
| 9 | کۆمپانیای چیمەنتۆ کەربەلا- لافارج | کەربەلا | 2,100,000 | 4,464,600 | 453,600,000 |
| 10 | کۆمپانیای چیمەنتۆی ئەلمیروک | بەسرە | 2,100,000 | 4,464,600 | 453,600,000 |
| 11 | کۆمپانیای چیمەنتۆی ئەنجمەت سەماوە | سەماوە | 1,200,000 | 2,551,200 | 259,200,000 |
| 12 | کارگەی چیمەنتۆی ماس | سلێمانی | 6,000,000 | 12,756,000 | 1,296,000,000 |
| 13 | کۆمپانیای چیمەنتۆی سامان | سەماوە | 2,000,000 | 4,252,000 | 432,000,000 |
| | کۆی گشتی | | 47,508,000 | 101,002,008 | 10,261,728,000 |

□سەرچاوە: سیمینت گلۆبال ریڤیو، 12ی تشرینی یەکەمی 2023 و کۆمپانیا حکومییەکانی چیمەنتۆ لە عێراق، 15ی تشرینی یەکەمی 2023

سەرچاوە: سیمینت گلۆباڵ ریڤیو، 12ی تشرینی یەکەمی 2023 و کۆمپانیا حکومییەکانی چیمەنتۆ لە عێراق، 15ی تشرینی یەکەمی 2023

تێبینی، بەپێی داتا کۆکراوەکان لە کارگەیەکی چیمەنتۆ لە هەرێمی کوردستان  کە رۆژانە 15 هەزار 900 تۆن چیمەنتۆ بەرهەمدەهێنێت ئەوا لە رۆژێکدا پێویستی بە 5000 هەزار مەتر سێجا  ئاو هەیە، کە سەرچاوەکەی زێ بچووکە.

*بۆ هەر تۆن چیمەنتۆ 2.126 مەتر سێجا ئاو دانراوە

** بۆ هەر تۆن جێمەنتۆ 2126 لیتر ئاو دانراوە

## بەرهەمهێنانی یەک مێگاوات کارەبا لە هەڵمەوە رۆژانە چەند ئاوی پێویستە؟

11 ویستگەی بەرهەمهێنانی کارەبا هەیە، کە 3 هەولێر، 5 سلێمانی و 1 گەرمیان و 2 لە دهۆکە. وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبای هەڵمی خەبات رۆژانە 300 مێگاوات کارەبا لەرێگەی هەڵمەوە بەرهەمدەهێنێت کە سەرچاوەی ئاوەکەی رووباری زێی گەورەیە.

بەپێی لێکۆڵینەوەکان بۆ بەرهەمهێنانی یەک مێگاوات کارەبا لەکاژێرێکدا نزیکەی 1057 گاڵۆن یاخود سەروو  3910 لیتر ئاو پێویستە، واتە ویستگەیەکی هەڵمی 24 کاژێری بۆ هەر مێگاواتێک 93 هەزار و 861 لیتر ئاوی پێویستە، کە ویستگەی خەبات 300 میگاوات بەرهەمدەهێنێت، واتە لە رۆژێکدا 28 ملیۆن و 158 هەزار و 480 لیتر ئاوی پێویستە و لەساڵێکدا دەگاتە سەروو  10.27 ملیار لیتر ئاو! کە بەگوتەی بەرپرسانی ویستگەی بەرهەمهێنانی کارەبای هەڵمی خەبات ئەم بڕە ئاوە لە ئاوی رووباری زێی گەورەوە دابیندەکرێت!

هەروەها، لەسەر ئاستی عێراق، لە وێستگەی کارەبای شەتولعەرەب لە بەسرە، لە هەر چرکەیەکدا 1000 لیتر بۆ ساردکردنەوەی سیستەمی بەرهەمهێنانی کارەبا بەکاردەهێنرێت، واتە لە 24 کاژێردا 518 ملیۆن لیتر ئاو بەکاردەهێنرێت.

## کۆتایی

ئێستا فراوانبوونی ئەم پیشەسازییانە لە عێراق بەشێوەیەکە کەوا، بەس لە کەرتی نەوت رۆژانە 388 ملیۆن لیتر ئاو بەکاردەهێنرێت، کە هەندێک لە کێڵگەکان ئاوی رووباری فورات بەکاردەهێنن، ئەو بڕەی لە کەرتی چیمەنتۆ بەکاردەهێنرێت کە زۆربەی ئاوی رووبار و بیرەکان ساڵانە دەگاتە 10.2 ملیار لیتر و لەکەرتی کارەبا و بەرهەمهێنانی کارەبا بەهەڵم دەگاتە 114 ملیۆن لیتر و لە پیشەسازی بەرهەمهێنانی شیش دەگاتە 2.8 ملیار لیتر!

لەکۆتاییدا، پلانی زیادکردنی بەرهەمهێنانی نەوت و فراوانبوونی پیشەسازییەکانی دیکە لە عێراق لەکاتێکدایە کە هەموو رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان هۆشداری لە خراپبوونی رۆژ بە رۆژی رەوشی کەشوهەوای عێراق دەدەن. ئەگەر ئەم فراوانبوونانە بەبێ چاودێری و پابەندکردنی کۆمپانیاکان بە بەکارهێنانی ئاوی قورس و ئاوی دەریاکان نەبێت، ئەوا کارەساتەکە بۆ عێراق لەڕووی گوشاری کەمبوونەوەی ئاوی سەر زەوی و ئاوی ژێر زەوی خێراتر دەبێت.

هەموو ئەمانەش لەکاتێکدایە زیاتر لە 14 ساڵە و  لەساڵی 2011وە عێراق پلانی پرۆژەی هاوبەشی ئاوی دەریای (CSSP) ئامادەکردووە بۆ دابینکردنی ئاو لە کەنداو بۆ کێڵگە نەوتییەکان کە لەلایەن ئێکسۆن مۆبیلەوە جێبەجێ بکرێت، بەڵام دوای 8 ساڵ لە پرۆژەکە ئێکسۆن رایگەیاندبوو کەوا کۆتایی بە گفتوگۆکانی هێناوە بۆ جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیە و تا ئێستاش دیار نییە چۆن جێبەجێدەکرێت.

---

[1] گوشاری ئاو بەپێی WRI بریتییە لە رێژەی نیوان خواست بۆ ئاو و ئەو ئاوەی نوێ دەبێتەوە کە ساڵانە چەند بەکاردەبرێت و چەند ئاو نوێ دەبارێت و کۆدەکرێتەوە بۆ ئەوەی کەڵکی لێوەربگیردرێت کە پێشبڕکێ لەسەر سەرچاوەکانی ئاوی نێوخۆ پێوانە دەکات، تاوەکو جیاوازی نێوان دابینکردن و داواکاری کەمتر بێت، ئەو شوێنە دەچێتە ئاستی لاوازی و گوشاری کەمبوونەوەی ئاو. کاتێک وڵاتێک رووبەڕووی گوشاری زۆری ئاو دەبێتەوە، ئەوە بەلایەنی کەمەوە بەواتای ئەوە دێت 80% دابینکردنی ئاوی بەردەست بەکاردەهێنێت.